# یاسای نوێی دژی تیرۆرو هێرش بۆسەر پەنابەران لەبەریتانیا!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

بەدوایی دوو هێرشی تیرۆریستی مانگی رابردوو ( تەموز ) لەندەن، دەولەتی بەریتانیا یاسایەکی نوێی بەدژی تیرۆر دەرکردوەو بەدوایدا هێرشێکی فراوانی بۆسەر پەنابەران دەستپێکردوەو لەوانە لەماوەی هەفتەی رابردودا بەسەدان پەنابەری عیراقی کەزۆریکیان

کوردن، دەستگیرکراوە، ژمارەیەکیش دیپۆرت کراونەتەوە، سەرەتا هەوالەکان وابوو کە ئەوکەسانەی بەخواستی خۆیان ئیمزایان کردوە بۆ گەرانەوە دیپۆرت دەکرینەوە، بەلام رووداوەکان پێچەوانەی ئەمەی نیشانداو زۆریك لە دەستگیرکراوەکان هیچیان ئیمزایان نەکردوە بۆ گەرانەوەو نایانەوێ بگەرینەوە بەدەلیکی نائەمنی عیراق. ئەم هێرشانەی دەولەتی بەریتانیا بۆسەر پەنابەران فەزایەکی ترس و وەحشەتی لەناو پەنابەرانی عیراقیدا کەلەترسی جەهەنمی شەرو کوشتاری عیراق و کوردستان هەلهاتون، دروستکردوە، بەجۆریك کە پەنابەران لەمالەکانیان ناوێرن بچنە دەرەوەو بچن بۆ کارو هەتا بچن بۆ ئیمزاکانیان کەدەولەت بۆی داناون، زۆریك لەوپەنابەرانە لەکاتی ئیمزادا یان چونەتە سەر مالەکانیان و دەستگیرکراون... کەهیچ کات هەموو ئەو پەنابەرانە لەدەورانی پێش روخانی رژێمی بەعس و بەدوایی روخانی رژێمی بەعسدا نەیانویستەو نایانەوی بگەرینەوە بۆ عیراق و کوردستان لەبەر نەبونی فەزای ئەمنی و نەبونی هیچ زەمانەتیك بۆ ژیانیان.

## واقعیەتی وەستانەوە بەرووی تیرورو تیرۆریستان لەبەریتانیا

تیرۆرو تیرۆریستان لەئەوروپا مەجودیەتی هەیەو ئیسلامی سیاسی پایەکەیەتی، وە زەمینەیەك کەدەولەت دروستی کردوە لە شەرعیەتدان بەکۆمەلگای فرە فەرهەنگی و دروستکردنی کۆمەلە ( Community ) جیاوازەکان و رەسمیەتپێدان و کەوتنە حاشیەی ئەو کۆمەلانە لەوانەکە بەکۆمەلەی موسلمان دەناسرێت و بەهێزکردنی تیروانین و بیری لەم جۆرە لەناو کۆمەلگانەدا بەکردنەوەی مزگەوت و دانی دەرس بەمنالان و لەچکردن بەکچان و دروستکردنی قوتابخانەو شوێنی تایبەتی دەرسی دینی و رەسمیەتدان بەم دابرانەو هەروەها جیاکردنەوەی هاولاتی لەسەر ئەساسی دین و قەومیەت و پەنابەری و نەناسینی کەسەکان وەك هاولاتی یەکسان. لەولاشەوە داگیرکاری عیراق و ئەفغانستان و مانەوەی مەسەلەی فەلەستین بەچارەسەرنەکراوی، خۆسەپاندنی رۆژ لەدوای رۆژی ئەمریکا وەك زلهێزی جیهانی و شەروکوشتاری ئەوەندەی تر زەمینەی بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی برۆدتە سەرەوە... کۆتایی هێنان بەتیرۆرو تیرۆریزم نە بەبانگەوازو کارەکانی دەلەولەتی بەریتانیاو نەقسەکانی تۆنی بلێرو بۆش و سەرانی ئەوروپایە، نەبەراونان و گرتنی پەنابەراندەبیت، بەلکو کۆتایی هێنان و لەناوبردنی تیرۆرو تیرۆریزم پێویستە، ئەو زەمینانەی کەتیرۆرو تیرۆریستان و ئیسلامی سیاسی تیادا بەهێزدەبیت بەبیت لەناو ببریت، ئەمە رێگای واقعیە بەکۆتایی تیرۆرو دەرگا بەرویاندا دادەخات..

## عیراق لەهەموو کات زیاتر نائەمنە!

بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانانی و بەتایبەت دەولەتی بەریتانیا، و هەتا ئەحزابە رەنگاو رەنگەکانی کوردو عەرەب کەپاشکۆی ئەمریکان، ناکرێت بلێن کەعیراق ئەمن نیە، ناکرێت فەزایەکی شەرو کوشتارو خۆتەقاندنەوەو بەهێزکردنی ئیسلامی سیاسی و

تیزاب کردن بەژنان و بەزۆر حجاب و تەقاندنەوەی شوینە مەدەنیەکان و کوشتاری منالان و تەقاندنەوەی صالۆن و سینەماو دروستبونی سەدان گروپی تیرۆریستی ئیسلامی و باندی قاچاخچیتی و  فراندی کچان و منالان و دروستکردنی زەواجی متعە تادەکاتە گەندەلی ئیداری،کەخۆیان لایەنیکی ئەساسی دروستبونی ئەو فەزایەن، ئیستا بلین عیراق ئەمن نیە، راستە قوربانیەکانی ئەو وەزعە خەلکە و هەموو ئەو هیزانەش خەلکیان بۆ گرنگ نیە ئەوەندە خەلیکان پیویستەو بۆ گرنگە بیانهیننە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە بۆ جیگیربونی دەسەلاتیان. ئیمە لەحزبی کۆمۆنیستی کریکاری هەمیشە لەسەر نائەمنی عیراقو کوردستان تاکیدمان کردوە، هەروەها خۆپیشاندانە جیهانیەکانیش بەدژی شەرو کوشتارو نائەمنی عیراق ئەم راستیەی تاکید کردوە، بەهەمان شیوە ریکخراوە چەپ و ئینساندۆستەکانیش لەسەر نائەمنی عیراق قامك دادەکرن، کە هیچ کەسیکی عیراقی بەکورد و عەرەبەوە لەخۆی دلنیا نیە، کە سبەینی چی بەسەر دیت، بە سەرۆك کۆمارو سەرۆك وەزیران و هیزەکانی ئەمریکاوە تا ئەگاتە ژن و منالیك کەرۆژانە بەترس و لەرزەوە دەچنە دەرەوە...

ئەوەی ئاشکرایە ئەگەر لایەنیك دەولەتی بەریتانیایە دەلیت عیراق ئەمنە، لایەنی دوەمی ئەوە ئەحزابی دەسەلاتداری کوردی و عەرەبیە بۆ دریژەدان بەدەسەلاتی خۆیان و پاریزگاری بەجیگاو ریگاو کورسیەکانیان و نوینەرایەتیکردنی سیاسەتی ئەمریکا دەلین عیراق ئەمنە، وە خۆیان بەدەیان جار لەگەل دەولەتی بەریتانیاو  دەولەتانی ئەوروپا دانیشتون بۆناردنەوەی پەنابەران تاکید کردنەوەیان لەسەر ئەمنیەتی عیراقو هەتا دەرگایان بۆ ئەو ریکخراوانە لەچەشنی ئای ئۆ ئیم لەکوردستان کردۆتەوە بۆ پیشوازی لە پەنابەرانی دیپۆرتکراو، بۆیە لەم روەوە هەر سیناریۆیەك ئەو حزبانە بەکوردو عەرەبەوە و ئەوانەی نوینەرایەتی ئەوان  دەکەن لەدەرەوە و سیناریۆیەك ریکی دەخەن لەسەر مافی پەنابەران جگە لەگالتەجاری و هەلخەلەتاندنی بە پەنابەران شتیکی تر نیەو ئەوەش بۆ ئەوە دەکەن بۆ ئەوەی جاریکی کە  پیویستیان بە پە نجە مۆریان هەبوو بیانبەنە بەردەم سندوقەکانی دەنگدانەوە.

لەم حەرەکەتەدا حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و فدارسیۆنی پەنابەرانی عیراقی هاوشانی ریکخراوە چەپ و ئینساندۆستەکان و هەروەها ریکخراوی هیومەن رایت وۆچ و یۆئین تاکیدی لەسەر نائەمنی عیراق و راگرتنی هیرش بۆسەر پەنابەرانی عیراق کردۆتەوەو لە پشتی خواستەکانی پەنابەرانەوە بەدژی دیپۆرت و دانی مافی پەنابەران وەستاونەتەوە.

## وەستانی گرتن و زیندانی و  دیپۆرتی پەنابەران و دانی مافی پەنابەری

زەرورە کە هیرشی دەولەتی بەریتانیا لەگرتن و زیندانی و راونان و  دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانی عیراقی بەکوردو عەرەبەوە بەهەموو شیوەیەك رابگیریت، یەکەم لەبەر ئەوەی عیراق و کوردستان هیشتا هیچ شەرایتیکی ئەمنی تیا نیەو هەر لەم مانگانەی دوایدا لەقسەی زۆریك لەسەرانی ئەمریکی و بەریتانی و باقی ولاتانی ئەورپایدا ئیشارەی پیکراوە، بەجیا لەواقعیەتەکانی رۆژانەی عیراق کەتراژیدیای ئینسانی تیادا روو دەدات و هەر ئینسان و ریکخراویك یەك زەرە مافی ئینسان بەرەسمی بناسیت لەسەر نائەمنی عیراق تاکید دەکاتەوە، بۆیە هەر قسەکردنیك لەسەر ئەمنیەتی عیراق هیچ شیتك نیە بازاری بۆرژوازی سەرمایەدارانە کەنانی لیدەخۆن و قسەیەکی پۆچ و بیٚ ناوەرۆکە و ئەبیت بەهەموو شیوەیەك دژایەتی بکریت. لەلایەکی ترەوە زۆریك لەو پەنابەرانە نایانەوی بگەرینەوە، لەکاتیکدا لایەنەکانی پیکهینەری دەولەتی کاتی هیچ زەمانەتیکی ئەمنیان بۆ خۆیان و  خەلکی دابین نەکردوەو پەنابەران دیپۆرت دەکریتەوە بۆ جەنگلستانیك کەئینسانی تیادا بەوەحشیانەترین شیوە سەردەبریت  وپارەچە پارەچە دەکریت، چ هەلویست و معامەلەیەکی ئینسانیە؟! هەروەها مافی نیشتەجی بونیش بۆهەرکەسیك کەدەیەویت لەکوی بژی مافیکی ئینسانیە، وە ناکریت بەبی هیچ لیکۆلینەوەیەك پەنابەران کە کار دەکەن یان بەشیوەی ریکوپیك ئیمزای خۆیان دەکەن و زۆریك هیشتا کەیسەکەیان لەژیر کارکردندایە، بەبی هیچ ئاگادارکردنەوەیەك دەستگیر بکرین و پیان

**بوتریت وەرن ئیمزا بکەن بۆ گەرانەوە! لەکاتیکدا کەخوازیاری گەرانەوە نین، لەم روەوە پەنابەران ئەبیت ریزەکانی خۆیان لەدەوری فدارسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراق ریکبخەن بۆ داواکاریەکانیان کە لەمەیداندایە و لەچەندین شاری بەریتانیا خۆپیشاندانی بەریخستوەو لە پەیوەندایە لەگەل لایەنە ئینساندۆست و چەپ و ریکخراوەکانی مافی مرۆڤ و کەنالەکانی راگەیاندندا، ئەمە تاکە ریگای راست و واقعیە بۆ ریگەگرتن لەگرتن و زیندانی کردنو دیپۆتکردنەوەی پەنابەران و هەتا ریگایەکە بۆ وەرگرتنی مافی پەنابەری بۆ پەنابەران بۆ ئەوەی وەك کەسانیکی جیگیرو هاولاتی یەکسان لەکۆمەلگادا بتوانن خۆیان ببینن و هەلسورین.**

**لەم روەوە زەرورە هەرکەس و ریکخراویکی ئینساندۆست کەباوەریان بەمافەکانی پەنابەران هەیە و بەدژی حەرەکەتی گرتن و راونان و دیپۆرتکردنەوەی پەنابەرانەوەن هەلویستیان هەبیت و لە پشت سەری خواستەکانی پەنابەرانەوە بن بۆ راگرتنی گرتن و دیپۆرت و هەروەها دانی مافی پەنابەری بە پەنابەران، لەم روەوە فدارسیۆنی پەنابەرانی عیراقی لە پیشەوەی ئەم حەرەکەتەدایە.**

2005–8–18